

# باڵندە ئـــــــاوارەکان:...

شیعری: رابیندرانات تاگۆر

***وەرگێڕ: جەلیل عەباسی***



# باڵندە ئـــــــاوارەکان:...

شیعری: رابیندرانات تاگۆر

***وەرگێڕ: جەلیل عەباسی***

- باڵندە ئاوارەکان
- شیعری: تاگۆر
- وەرگێڕ: جەلیل عەباسی
- پیتچنین: وەرگێڕ
- ناخشەسازی ناوەوە:
- بەرگ: ئیبراهیم ساڵح
- چاپی: یەکەم ٢٠١٨
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانەی: چوارچرا
- نرخ: سێ هەزار
- **لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەسپاردنی ( ) ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.**

## پێشپەیڤ:

شـیعر، دنیایـەکی ناسـك و ڕەنگاڵـە و لـە هەمانحاڵـدا ڕەمزاویـی هەیە.. زمانی شیعر، هەر هەمیشە، زمانی ئیمـا و ئامـاژە و ڕەمـز و سـیمبول بـووە.. دنیـای شـیعر، دنیـای ڕەنـگ و وێنــە و تــابلۆی نەناسـراوی کەشـف نـەکراوە و بۆیەشـە هـەموو کـەس وەکیـەك لـە شـیعر ناگـات و بەیـەك چـاو ناڕوانێتـە شـیعر.. شـاعیر، چەشـنە دێوانەیەك.. شێتێکە و ئەم شـێتییەش لـەوانیتری جیـا دەکاتـەوە.. (شێت) نەك بە واتا ڕەمەکییەکەی، بەوجۆرەی ئێمـە دەریـدەبڕین و لێیدەگەین، بەڵکوو بـە واتـا هەقیقییـە شـاراوەکەی.. واتـە شـاعیر،

خاوەنی (شەید)ە، ئەمیش رووناکاییەکی فەرزانەئاسایە و بە دڵ و ناخی بەرات کراوە.. تیرۆژێکە لە گەوهەری پڕ ورشەی حیکمەتی یەزدانی.. هەر ئەمەش پێگەی شاعیر بەرزتر و جیاوازتریش دەکات. ئەم هاوکێشەیە کاتێ قووڵتر و پڕماناتر دەبێتەوە، کە شاعیر، فەیلەسووفیش بێت.. عارفیش بێت.. لەم حاڵەتەدا دنیا رەنگینەکەی شیعر سەدچەندان رەنگاڵەتر دەبێتەوە و زمانەکەش سەد چەندان رەمزاویتر. (تاگۆر)یش عارف و فەیلەسووف و شاعیرێکی (شەرقی)یە، شەرقی بە واتای زێد و مەڵبەند و کانگای عیرفان و هزر و تەسەوف و...

کاتێ سەیری شیعرەکانی تاگۆر دەکەین، وەکوو عارفێك، ئەوا جیهانێکی قووڵتر و پاکتر و ناسکتر و رەمزاویتر لە ئاسۆی روانین و تێگەیشتنماندا دەکرێتەوە و دەگەینە زۆر پەیامیتر کە تا ئەوکاتە لێمان شاراوە بوونە و بۆمان نەناسراو و لە روانگەمان دوور.. دەبینین تاگۆر بە زمانێك دەدوێت، کەمکەس پێی دواوە.. زمانێکی کورتبێژ و تیرۆژئاسا.. زمانێك دڵنیامان دەکات لەوەی، خاوەنەکەی گەیشتۆتە لووتکەی (ئابووریی وشە).. گەیشتۆتە لووتکەی (تەکامول)ی فکری و بۆتە خودان ئەندێشەیەکی رۆحی و یەزدانیی مەزن کە دەکەوێتە سەرووی مرۆڤ و جیهانی مادییەوە.. شیعری تاگۆر تیرۆژەبێژین و لەهەر وشەیەکیشیاندا واتا و پەیامێکی زۆر قووڵی فکری پەنهانە کە لەسەرچاوە و روانگەیەکی یەزدانییەوە

هەڵقوڵاوە و هەر ئەمەشە خوێنەر نوقمی بیرکردنەوەو تێڕامان و سەرسووڕمان دەکات..


دەتوانم بڵێم، ئەو چێژە سەرسامکەرەی شیعرەکانی تاگۆر پێیان بەخشیوم، تا ئێستا لە هیچ شیعر و هیچ هەناسەیەکیتردا (جگە لە مەولانای رۆمی) پێی نەگەیشتووم.. زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێم: هەناسەی وای هەبووە تا چەند کاتژمێر پاش خوێندنەوەی، هێشتا هەر وڕ و کاس بووم و بە ئاستەم لە زەریای بەرین و بێ بنی واتا و پەیامە پیرۆزە مرۆیی و یەزدانییەکەیدا هاتوومەتەوە کەنار.. ئەم هێز و دەسەڵاتی سەرسام کردنەش دەگەڕێتەوە بۆ بڕستی ئەو بیرە ورد و رۆشنەی کە عیرفان بە تاگۆری بەخشیوە، دەمەوێ بڵێم، تاگۆر و زمانی شیعریی تیرۆژەبێژی تاگۆر، ئاوێنەیەکە و هەقیقەتی عیرفان و فەلسەفە دەنوێنێتەوە.

پێشتر گوتم زمانی شیعر زمانی ئیما و ئاماژە و کورتبێژی و کورتبڕییە، با ئەوەش بڵێم کە بەلای منەوە شاعیری عارف یا عارفی شاعیر.. فەیلەسووفی شاعیر یا شاعیری فەیلەسووف، زمانێك و توانای دەربڕینێکی هەیە گەلێ لەوەش رەمزاویتر و کورتبڕتر و پڕ ئیما و ئاماژەتر و ئەم دەسەڵاتەش نەك تەنیا بۆ وزەو هێزی خودی شیعر، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ هێز و دەسەڵاتی گەردوونیی هەمان عیرفان یا فەلسەفە.

بەهەر حاڵ، شیعری تاگۆرمان لەبەر دەستە، بۆیە دەبێ لەم شەرح و شیکارییە لاوەکی و سەرپێییە تێپەڕین و کەمێك ڕۆشنتر ئاوڕ لە ژیانی ئەم عارف و فەیلەسووف و شاعیر و هونەرمەندە مەزن و هێژایە بدەینەوە:...

جەلیل عەباسی.. هەولێر.. ٢٠١٠/١١/١٠

# ژیانی رابیندرانات تاگۆر:...



**تاگۆر**

رابیندرانات تاگۆر، شاعیر و فەیلەسووف و مۆسیقار و شێوەکاری مـــەزنی هینـــد، رۆژی (٧)ی مایســـی ســـاڵی (١٨٦١)، لـــە شـــاری (کەلکەتە)ی ویلایەتی (بەنگاڵ)ی هیندستان، لە ناو بنەماڵەیەکی (مەهاراجـە)ی دەوڵەمەنـددا لـە دایکێـک بـەناوی (ســارادادیڤی) و باوکێـک بـەناوی (دیبنـدرانات مەهاریشـی) لـەدایکبوو.. کەلکەتـە

گوندێك بوو كە باپیری تاگۆر گەشەی پێدا و كردیە شارێكی گەورە. باوكی، یەكێك بوو لە رێبەران و خوازیارەكانی سەربەخۆیی هیند... دایكی تاگۆر سـاڵی (١٨٨٥) كۆچـی دوایـی كـرد كـە كاریگەرییـەكی زۆر قووڵی لەسەر تاگۆر دانا.. خۆی لەم پەیوەندییەدا دەنووسێت:

***" یەكەمجار بوو كە واتای نەمان و سەفەری كۆتایی و بێ گەڕانەوەم ناسی، ئەو كاتەی تەرمی دایكمیان بردە پەرستگە و سـووتاندیان"***

ئەو، كە نازناوی (گۆردیڤ)یان پێ بەخشبوو بە واتای (پێشەوا)، چـواردەهەمین منـداڵی خێزانەكـەیان بـوو.. بـاوكی (مەهاراشـی) چواردە منداڵی هەبوون و ئەمیش بچووكترینیان.. گـەورەترین بـرای تاگۆر (دویجیندرانات)، پیاوێكی زانـا بـوو بـە دەسـتێكی بـاڵاوە لـە فەلسەفە و شیعر و ئەدەب و ماتماتیك و مۆسیقادا و سـاڵی (١٩٢٦) كۆچی دوایی كرد.. دووەمـین بـرا گـەورەی تـاگۆر (سـاتین درانـات) زانایەكی پایە بەرز بوو لە بواری سانسكریت و زمانەكانی بەنگاڵی و ئنگلیزیدا و سێیەمینیش، (هەمەن درانات) كە پاڵپشتێكی بە وەفای تـاگۆر بـوو و ئـەوی فێـرە زمـانی بـەنگاڵی و ئینگلیـزی كـرد و لـە تەمـەنی چـل سـاڵیدا كۆچـی دوایـی كـرد. (جـۆی تیریـن درانـات) پێنجەمین برای تاگۆریش شاعیر و نووسەر و زانای بواری مۆسـیقا و هـەرواش پیـاوێكی وڵاتپـارێز بـوو كـە كاریگەرییـەكی زۆری لەسـەر تاگۆر دانا.. لە خوشكەكانیشی، یەكێك (سودامینی) بوو كـە ببـووە

پەرستیاری باوکی پیری و برا گچکەکەی واتە تاگۆر و ئەویتریش (سۆرناکوماری) بوو کە نووسەر و مۆسیقازانێکی بەتوانا بوو و ڕۆڵی دیار و بەرچاوی لە بێدار و ئاگا کردنەوەی ژنانی بەنگالدا گێڕا.

تاگۆر، کە بە منداڵی (رابی)یان پێدەگوت و (ئەمەش کورتکراوەی هەمان ناوی رابیندراناتە)، هەر بە منداڵی و لەماڵەوە ئاشنای فەلسەفە و مۆسیقا و شیعر و ئەدەب بوو.. سەرەتای خوێندنی هەر لە ماڵەوە دەسپێکرد و لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە دەستی بە هۆنینەوەی شیعر کرد و شیعری زۆر جوانی دەهۆنینەوە، بەجۆرێك کە لە زمانی نیمچە کیشوەرەکەیدا شۆڕشێکی مەزنی ئەدەبیی بەرپا کرد. بە تایبەتی ئەو شیعرانەی کە بە (گیتانجالی) ناسراون، ناوبانگێکی زۆرتریان دەر کرد و وەرگێڕدرانە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان، هەر ئەم شیعرانەش بوون کە ساڵی (١٩١٣) خەڵاتی نۆبڵیان بۆ بە دیاری هێنا. دایکی و باپیرەی کە زەوقی تێگەیشتنی زمان و فەلسەفە و لۆژیکیان تێدا بوو، هاندەرێکی گەورەی تاگۆر بوون و ناردیانە چەندین قوتابخانەی جۆراوجۆر بەڵام (رابی) حەزی لە قوتابخانە نەدەکرد و هەمیشە لێی هەڵدەهات و کاتێ گەورەش بوو، قوتابخانەی بە تێکەڵاوێك لە (نەخۆشخانە و زیندان) وەسف کرد.

تەمەنی دوازدە ساڵان بوو کە باوکی، لەگەڵ خۆیدا بردیە (هیمالایا).. دیتنی سروشت و پەرستگەی هیندۆسەکان

کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دانا و گەلێ دڵی بەو شوێنە خۆشبوو، بە رادەیەك، دواتر ئەو زەمینەی کڕی و زانکۆیەکی بەناوی (ویسوبەهاراتی) و هەرواش باخ و خانوویەکی بەناوی (ئەشانتی نیکتان) واتە شوێنی (حەوانەوە) تیادا بینا کرد.

ساڵی (١٨٧٥) و لە تەمەنی چواردە ساڵیدا وازی لە قوتابخانە هێنا.. دواتر (ساڵی ١٨٧٨) ساتین دراناتی برای بە نیازی خوێندنی ئەکادیمی لە بواری یاسادا لە گەڵ خۆی بەرەو بەریتانیای برد، بەڵام رابی خۆی خەریکی مۆسیقا و شیعر و ئەدەب کرد و دوای ساڵێکیش بەریتانیای بەجێهێشت و گەڕایەوە زێدەکەی خۆی و ئیدی ژیانی کەوتە ناو ئاڵوگۆڕێکی زۆر سەیرەوە.. هەر ئەم ئاڵوگۆڕەش وای لێکرد ببێتە بیرمەندی مەزنی نەتەوەیی هیندستان.. ئەو، بۆ هیندستان شیعری دەهۆنییەوە، وتاری دەنووسی، سیاسەتی بەریتانییەکانی دەخستە بەر خەنجەری رەخنە و هانی جموجووڵی سیاسیی هاوڵاتیانی دەدا.. زۆربەی نووسینەکانی هەر بەم هۆیەوە بوونەتە (مەکتووب)ی نەتەوەیی هیندستان کە بەتایبەتی دەتوانین ئاماژە بە (بزووتنەوەی نەتەوەیی) بکەین کە ساڵی (١٩٠٤) چاپ و بڵاو کرایەوە.

لە (٢٢)ی دیسەمبەری ساڵی (١٩٠١)دا لەگەڵ ژن و مناڵەکەی چووە (شانتی نیکتان) و فێرگەیەکی تێدا دامەزراند بەناوی

(بەرەهما چاریە ئەشرام) کە پێنج مامۆستا و پێنج قوتابیی هەبوون و یەکێکیان کوڕەگەورەکەی خۆی بوو. گەرچی دامەزراندنی ئاوا فێرگەیەك بەلای هیندۆسەکانەوە باش نەبوو، چونکە مامۆستای مەسیحیی تێدا بوون، بەڵام تاگۆر تا کۆتایی تەمەنی هەر پێوەی خەریك بوو و خزمەتی هەمان فێرگەی کرد، ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە خۆی وەکوو بیرمەندێکی هیندی لە جیهاندا دەناسرا و سەفەری هەموو دنیای کرد و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا گوتاری دا.. ئەو، چەندین و چەندجار سەردانی ئێران و ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ژاپۆن و...ی کرد.




## تاگۆر و هاوسەرەکەی ١٨٨٣

ساڵی (١٩٠١) کە بناغەی فێرگەکەی دامەزراند، هاوسەرەکەی (مری نالینی) نەخۆش کەوت و بردیانە کەلکەتە بۆ چارەسەری بەڵام سوودی نەبوو و سەرەنجام لە ٢٣ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٠٣دا کۆچی دوایی کرد و پێنج منداڵی لەپاش خۆی بۆ بەجێهێشت بە ناوەکانی: (میرا، رەنوکا، مادوری لاتا/ راتی، راتیندرانات و ساميندرا/ سامیندراناتا). ماوەیەك دواتریش کچەکەی (رەنوکا) نەخۆش کەوت و نۆ مانگ دوای مردنی دایکی و لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا مرد.. رۆژی (٩)ی ژانیوەری ساڵی ١٩٠٥ باوکی لە تەمەنی هەشتاوهەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە ٢٣ی نوڤامبەری ساڵی ١٩٠٧یشدا کوڕەبچووکەکەی (سامیندرا) مرد و ئەوی زۆر داخدار کرد، مەرگی ئەم کوڕەی، کە ئەویش هەر لەتەمەنی سێزدە ساڵیدا بوو، شیعرەکانی دواتری تاگۆری خستە ژێر کاریگەرییەکی قووڵەوە.

تاگۆر گەورەترین شاعیری ویلایەتی (بەنگاڵ)ە کە بە دوو زمانی هیندی و بەنگاڵی شیعری هۆنیوەتەوە و هەر خۆی شیعرەکانی خۆیی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی ئینگلیزی. یەکەمین رۆژهەڵاتییشە کە خەڵاتی (نۆبڵ)ی وەرگرتبێت.

هەردوو مارشی نەتەوەیی هیند و بەنگلادیش شیعری تاگۆرن.

تــاگۆر، ســـاڵی ١٩١٢ بڕیاریـــدا شـــیعرە ناودارەکـــانی خـــۆی (گیتانجـالی) وەربگێڕێتــە ســەر زمــانی ئینگلیــزی، بۆیــە لەگــەڵ کوڕەکـەی (راتینـدرانات) و ژنەکـەی (بووکەکەیـدا) بـەرەو لەنـدەن بەڕێکـەوتن و هــەر لــەوێ کـاری وەرگێڕانــی شـیعرەکانی گەیانـدە ئەنجام کە لـەناو رۆشـنبیران و ئـەدیبانی بـەریتانیادا پێشـوازییەکی زۆریان لێ کرا، پاشان هەر لەگەڵ کوڕەکەی و بووکەکەیدا سـەردانی ئەمــەریکایان کـرد و دوایــیش (ژانیــوەری ســاڵی ١٩١٣) گەڕانــەوە لەندەن و دواتر بەرەو زێدی خۆیان. لە نوڤەمبەری هەمانساڵ و هەر لە (شـانتی نیکتـان)دا ئاگـادار کرایـەوە کـە شـیعرەکانی گیتـانجلی خــەڵاتی نۆبڵیــان پــێ بەخشــراوە.. ســاڵی ١٩١٤ خــەڵاتی نــۆبڵ و میدالیای (فەرهەنگستان)ی سویدی لـە لایـەن (لـۆرد کـار مـایکڵ)ی ســنووورداری بەنگاڵــەوە وەرگــرت و ئیــدی تــاگۆر بــووە خــاوەنی ناوبانگێکی جیهانی.



تاگۆر و ئەنیشتاین ۱۹۳۰

. تاگۆر، بێجگە لە شیعر، چیرۆك و شانۆنامەشی دەنووسی و هەندێجاریش بیرکردنەوە و رامانە عیرفانییەکانی خۆی دەکردنە وێنە و دەینەخشاندن.



## تابلۆیەکی تاگۆر

تاگۆر لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتدا خۆشەویست بوو.. خۆیشی بە تایبەتی (ئێران)ی زۆر خۆشدەویست و پێیوابوو مێژووی هزر و رۆشنبیریی ئێرانی و هیندی سەرچاوەیەکی هاوبەشیان هەیە و زۆر لێکنزیکن، دووجاریش سەردانی کرد: جاری یەکەم بەهاری (١٩٣٢) لەگەڵ بووکەکەی (پراتیمادیڤی) و (دینشای ئێرانی) کە یەکێك بوو لە پێشەواکانی پارسییەکانی هیند و بە بانگێشتی حکوومەتی ئەو کاتی ئێران، هەر لەم سەفەرەشدا جەژنی حەفتایەمین ساڵی تەمەنی لە ئێراندا بۆ گیرا و لەگەڵ زۆربەی نووسەر و رووناکبیرانی ئەو سەردەمەی ئێراندا بەتایبەتی لە تاران و شیراز ئاشنا بوو،

بەتایەتی چەند جارێك سەردانی مەزاری حافز و سەعدی و فیردەوسیی کرد.. هەر لەم سەفەریدا بوو کە داوای لە رەزاشا (پاشای ئەوکاتی ئێران) کرد مامۆستایەکی لەگەڵدا بنێرێت تا لە فێرگەکەیدا وانە بە گەنجە هیندییەکان بڵێتەوە، ئەویش (ئیبراهیم پووورداود)ی هەڵبژارد و لەگەڵیدا بۆ هیندی نارد، ئیتر تاگۆر و هاورێکانی لە رێگای بەغداوە بەرەو هیند گەڕانەوە. (مەلیکوشوعەرا بەهار) قەسیدەیەکی زۆر جوان و بەرزی بۆ رێز و ستایشی تاگۆر هۆنیوەتەوە. جاری دووەمیش ساڵی (١٩٣٤) بوو کە سەردانی ئێرانی کردەوە.



تاگۆر لە پەرلەمانی ئێراندا ١٩٣٢

لە بەرەبەری جەنگی یەکەمی جیهانی، لە شەشەمی مانگی مایسی ساڵی ١٩١٦دا سەردانی ژاپۆنی کرد و سێ مانگ لەوێ مایەوە، پاشان بۆ دووەمینجار سەردانی ئەمەریکای کردەوە.

لــە ســێیەمی مــانگی (ژووئــەن)ی ســاڵی ١٩١٥دا حکوومــەتی بەریتانیا نازناوی (شوالیە)ی پێبەخشی بـەڵام پـاش کوشـتارەکەی خەڵکی پەنجاب لـە (١٣)ی ئـەپریلی ١٩١٩دا، تـاگۆر ئـەو نازنـاوەی رەت کــردەوە و گەڕاندییــەوە بــۆ حــاکمی ئینگلیزیــی ئــەوکاتی هیندستان.


لــە (١٥)ی مایســی ١٩٢٦دا لەســەر بانگێشــتی (موســولینی) سەردانی ئیتاڵیای کرد.. هەرلەو کاتـەدا رۆیشـتە بینینـی (جـەواهیر لــەعل نـــەهرۆ و هاوســـەرەکەی) و ستایشـــی وڵاتپـــارێزی و ئازادیخوازییەکەی کردن.

ساڵی ١٩٤٠ سـەردانی هیمالایـای کـرد (هـەمان ئـەو شـوێنەی بـە منـداڵی لەگـەڵ بـاوکی بینیبـووی)، بـەڵام ئـەمجارە لـەوێ نـەخۆش کـەوت و بەناچـاری بـەرەو کەلکەتـە گەڕایـەوە.. دوای دەرمـان و چارەسەر رۆیشتەوە شانتی نیکتان و دووبـارە نـەخۆش کەوتـەوە و لە ٢٥ی (ژووئیە)ی ١٩٤١دا بردیانەوە بۆ کەلکەتە و لەوێ خرایە ژێر نەشتەرگەرییەوە، کەچی باری تەندروستیی خراپتر بوو. سەرەنجام رۆژی (٧)ی ئوکتۆبەری هەمان ساڵ و لە تەمەنی هەشتا ساڵ و سێ مانگیدا کۆچی دوایی کرد.. تەرمەکەیان لە پاڵ رووبـاری (گـەنگ)دا ســووتاند و خۆڵەمێشــەکەیان بــردەوە بــۆ شــانتی نیکتــان کــە فێرگەکەیی لێبوو.

تاگۆر نەما تا سەربەخۆیی هیندستان ببینێت، بەڵام بێگومان سەربەخۆیی هیند تا ڕادەیەکی زۆربەرچاو قەرزاری ئەندێشە پاك و بەرزەکانی ئەوە.

رابیندرانات تاگۆر، هەر تەنها نووسەرێکی بەتوانای ئەدەبیاتی مودێرنی هیند نەبوو، بەڵکوو یەکێك بوو لە پێشەوا و پارێزەرە خاوەن بڕوا و ئیرادەکانی سەربەخۆیی هیندستان.. ناوبانگ و کاریگەریی تاگۆر بەڕادەیەك بوو کە تەنانەت داگیرکارە ئینگلیزیەکانی هیندیش سڵیان لێدەکردەوە.. لەوانەیە بکرێ بڵێین یەکێك لە هۆکارە کاریگەرەکانی سەرکەوتنی گاندی، تاگۆر و ئەندێشەکانی بوون. تاگۆر، ساڵی ١٩٣٢ لە زینداندا سەردانی گاندیی کرد، ئەمە کاریك بوو کە ئینگلیزەکان بۆ هیچکەسیان نەدەکرد.. دواتر زانکۆی ئاکسفۆرد دکتۆرای فەخریی پێ بەخشی.. ساڵی ١٩٣٤ رۆیشتە دیدەنی نەهرۆ.. دەبێ بڵێین دیداری گاندی و تاگۆر لە زینداندا بۆ یەکەمجار نەبوو، بەڵکوو یەکەمجار لە (١٠)ی مایسی (١٩١٥)دا و لە شانتی نیکتاندا گاندیی بینی.. گاندی شەش رۆژی تەواو میوانی تاگۆر بوو و هەر ئەم دیدارەش بووە بناغەی دۆستایەتییەکی هەمیشەیی لە نێوان ئەم دوو کەسایەتییەدا.. دووەمینجار لە مایسی ١٩٢٥دا بوو کە گاندی چەند رۆژێك لە لای تاگۆر مایەوە..

کاتێ گاندی لە ساڵی ١٩٣٢دا بەمەبەستی پەسەند کردنی داواکاریی هیندییەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانییەوە دەستی دایە رۆژوو گرتن، سەرەتا نامەیەکی بۆ تاگۆر نووسی و داوای لێکرد دوعای بۆ بکات، تاگۆر سەردانی کرد و لە لای مایەوە و دوای بیستوشەش رۆژی تەواو کە بەریتانییەکان داواکارییەکانیان پەسەند کرد، گاندی لە حاڵێکدا رۆژووەکەی شکاند کە سەری لەسەر ڕانی تاگۆر بوو. لەگەڵ ئەم پەیوەندییە توندوتۆڵەشدا لەگەڵ گاندی، تاگۆر نێوانی خۆی لەگەڵ سیاسەتدا پاراست و تێکەڵی نەبوو.



تاگۆر و گاندی ١٩٤٠

تاگۆر زیاتر لە شەست بەرهەمی شیعریی بڵاو کردەوە و شیعر و چیرۆك و وتار و شانۆنامە بە پێزەکانی وەرگێڕدرانە سەر زۆربەی

زمانە زیندووەکانی جیهان.. دەکرێ ئاماژە بە چەند بەرهەمێکی نەمری بکەین وەکوو: (کۆ شیعری گیتانجلی) و (سوڵتانی کۆشکی رەش) و (میوە چن) و (شیعرەکانی خەیبەر) و (رێسمانی پساو) و (نامەگەلێك بۆ دۆستێك) و (پەیوەندی مرۆڤ) و (مەزەبی بەشەر) و (کەسێتی) و (نوکتەگەلێك لە بەنگاڵ) و (دیاریی عەشق) و (چیترا) و (مانگی نوێ و باڵندە ئاوارەکان) و (خانوو و جیهان) و (گەمیی شکاو) و...

**

رابینـــدرانات تـــاگۆر، گـــەلێ شـــتی جـــوانی هـــەن.. گـــەلێ بـــیر و ئەندێشەی ورد و قووڵ و جوانی خستوونەتە ناو چوارچێوەی وشـە و نووسـینەوە.. هـەر تـەنیا ئـەم کۆشـیعرەی بەردەسـتمان نییـە، بـەڵکوو تـاگۆر خـاوەنی دنیایـەکی زۆر ئـاوەدان و دەوڵەمەنـد و گەشەسـەندووی وشـەیە، هـەر ئەمەشـە وام لێـدەکات تـەنیا بـە پێناسـەیەکی کـورت و بـە شـیعرەکانی رازی نـەبم و هـەوڵ بـدەم خوێنـەری کـورد زیـاتر بـە دنیـا رەنگینەکـەی هـزری تـاگۆر ئاشـنا بکەم.. بەمپێیەش، ئیزنم بدەن چەند کورتـە نووسـینێکیتری تـاگۆر بخەمە ناو ئەم پێشەکییەوە.. با پێکەوە بزانین:

١ــ تاگۆری عاریف چۆن لە گەڵ یەزداندا دەپەیڤێت؟

٢ــ تاگۆری فەیلەسووف چ پەیڤێکی پێیە بۆ رێنماییمان؟

٣ــ تـاگۆری شـاعیر چـۆن لـە نامەیەکـدا هاوسـەرەکەی بەسـەر دەکاتەوە و دەیدوێنێت؟:...

## سکاڵای تاگۆر لە گەڵ خواوەند:..



خەونم بینی کە لە گەڵ خواوەندا قسە دەکەم.

خوا پرسیی: تۆ دەتەوێ قسەم لەگەڵ بکەیت؟

لە وڵامدا گوتم: بەڵێ، ئەگەر کاتت هەبێ.

خوا پێکەنی:

کاتی من بێ سنوور و بێ کۆتاییە...

چیت لە زیهندایە کە دەتەوێ لە منی بپرسیت؟

پرسیم: خوایە، چ شتێکی مرۆڤ زۆرتر تووشی سەرسووڕمانت دەکات؟

خوا وڵامی دامەوە:

" منداڵێتییان..

ئەوەی کە ئەوان لە منداڵێتیی خۆیان ماندوو دەبن و پەلەی ئەوە دەکەن زووتر گەورە ببن.. کەچی دوای ماوەیەکیش ئاوات بۆ سەروەختی منداڵی دەخوازنەوە..

ئەوەی کە ئەوان تەندروستیی خۆیان لەدەست دەدەن تا سامان کۆ بکەنەوە و دوایش سامانەکەیان لەدەست دەدەن تا دووبارە تەدروستییەکەیان بگەڕێننەوە..

ئەوەی کە بە دڵەڕاوکێوە چاو دەبڕنە ئایەندە و (ئێستا) لەبیر دەکەن، هەربۆیەش نە لە (ئێستا)دا دەژین و نەش لە (ئایەندە)دا...

ئەوەی کە ئەوان بەجۆرێك دەژین، وەك بڵێی هەرگیز نامرن و بەجۆرێکیش دەمرن، وەك بڵێی هیچکات نەژیاون..."

دەستی خوا دەستەکانیان گرتم.. ماوەیەك بێدەنگ بووین.. من دووبارە پرسیم:

وەکوو باوکێك، حەزدەکەیت منداڵەکانت کامە وانەی ژیان باشتر فێر بن؟

گوتی:

" فێر ببن کە ئەوان ناتوانن هیچکەس ناچار بکەن عاشـقیان بـێ، تەنیا کارێك ئەوان دەتوانن بیکەن ئەوەیە کە بهێڵن خۆیان خۆشیان بوێن..

فێر ببن کە دروست نییە خۆیان لەگەڵ ئەوانیتر بەراورد بکەن..

فێر ببن کە تەنیا چەند چرکە دەخایەنێت تا زامـی قـووڵ بکەینـە دڵی ئەوانەی خۆشماندەوێن، بەڵام ساڵەهای ساڵی دەوێت تا هەمان ئەو زامانە سارێژ بکەینەوە..

فێر ببن کە دەوڵەمەند ئەو کەسە نییە زۆرتـرین سـامانی هـەبێت، بەڵکو ئەو کەسەیە کەمترین نیازی هەبێ..

فێر ببن کە، کەسانێك هەن ئەوانیان خۆشدەوێ بەڵام نازانن چۆن هەستی خۆیان دەر ببڕن..

فێر ببن کە، دوو کەس دەتـوانن پێکـەوە و لەیـەك کـات و لەیـەك روانگەوە سەیری شتێك بکەن و بە جیاواز ببینن..

فێر ببن کـە، ئـەوە بـەس نییـە ئـەوان لـە خـەڵکانیتر خـۆش بـن، بەڵکو دەبێ لە خۆیشیان خۆش ببن"

بە خاکەسارییەوە گوتم:

سوپاس بۆ ئەم گفتوگۆیە.. خواوەندا، ئایا شـتێکیتر هەیـە حـەز بکەن منداڵەکانتان بیزانن؟

خواوەند بزەیەکی هاتێ و گوتـی:

"هەر تەنیا بزانن کە من لێرەم.. هەر هەمیشە..."

## پەیڤەکانی تاگۆر:..

عەشقت مەخەرە هەڵدێرەوە، چونکە ئەو زۆر مەزنە !

*

من بە عەشقی تۆوە، بە تەنیا دێمە ژوانگە.. بەڵام ئـەم (مـن)ەی نـاو تاریکـایی کێیـە؟.. هـەوڵ دەدەم لێـی دوور بکەومـەوە، بـەڵام ناتوانم لێی هەڵبێم.. ئەو، (بوون)ی بچووکی خودی منە.. سـەرۆك و ئەربابی من.. شەرم و حەیا ناناسێت و منیش شەرمەزارم کە لەگەڵ ئەو هاتوومەتە بەر دەرکەی تۆ !

*

ئاسمان، بـۆ گرتنـی مـانگ داو نانێتـەوە.. ئـەوە ئـازادیی خـودی مانگە ئاوەها پێوەی دەبەستێتەوە !

*

ئەگەر داواکاری و داخوازیت نەبوو، هەموان دۆستی تۆن !

*

تـــووڕەیی ژن وەکـــوو ئەڵماســـە.. دەدرەوشـــێتەوە بـــەڵام ناسووتێنێ !

*

هیوا، نان (خۆراك)ی ڕۆژانەی مرۆڤە !

*

ڕەنج هەیە.. مەرگ هەیە.. خەمی جیایی هەیە..

بەڵام، ئارامییش هەیە.. شادییش هەیە.. سەمایش هەیە.. خوایش هەیە !

*

ژیان، وەکوو ڕووبارێکی مەزن بە نەمری هەر دەکشێت و دەڕوات !

*

ژیان، وەکوو ڕووبارێکی مەزن کە دەڕژێتە ناو دەریاوە، بەرەو داوێنی خوا دەکشێ !

*

هەتاو، هێشتاش هەر هەڵدێ..

فانۆزی ئەستێرەکان هێشتاش هەر بە تاقی ئاسمانەوە ئاوێزانە..

بەهار، بەردەوام لەنجەی بۆ دەکات و کراسە سەوزەکەی بە زەویدا دەکشێ..

شەپۆلەکانی دەریا، گۆرانی دەچڕن.. هەڵدەستنەوەو خۆیان لە ئامێزی لێواردا ون دەکەن..

گوڵەکان، دەپشکوێن و جیلوە دەفرۆشن و دەڕۆن..

(نەبوون) نییە..

(بوون) هەیە..

(کۆتایی) نییە..

(ڕێگا) هەیە!

*

لە دایکبوونی هەر مناڵێك، نیشانەیەکە، کە خوا هێشتاش ئومێدی لە مرۆڤ نەبڕیوە!

*

زەردەشت، بە هۆی فەلسەفەکەی خۆیەوە، مرۆڤایەتیی لە ژێر باری قورسی ڕێوڕەسمە ڕواڵەتییەکان ڕزگار کرد.. ئەو، بنەڕەتی ئایینەکەی بەسەر ڕاهێنانە ئەخلاقییەکانەوە دامەزراند!

*

ئەو کەسەی هەر خەریکی چاکەکارییە، دەرفەتی چاك بوونی نییە!

*

مرۆڤەکان ستەمکارن، بەڵام مرۆڤ پاکسرشتە!

*

درۆ، هیچکات ناگاتە هەقیقەت، هەرچەند دەسەڵاتیشی زۆرتر بێت!

*

ئەگەر (هەڵە)كان لە پشت دەركە داخراوەكانەوە زيندانی بكەيت، ئەوا هيچكات ناگەيتە هەقيقەت!

*

ئەوەی لە (داوەری) بترسێت، لە (دادوەری) ترساوە!

*

ئەو كەسەی نـەمامێك دەچـێنێ، گەرچـيش دەزانـێ هيچـكات لـە سـێبەرەكەيدا ناحەوێتـەوە، لانيكـەم هـەوڵی بـۆ تێگەيشـتنی فەلسەفەی ژيان داوە!

*

ئەوە سەمای مۆسيقايی ئـاوە كـە جەسـتەی بـەرد دەڕازێنێتـەوە نەك لێدانی قورسی چەكوش!

*

لـە خـەمی رۆژە خۆشـەكانی رابـردوودا مـەگری.. بـۆ تەمـەنی كورتييان پێ بكەنە!

*

بەختەوەريی راستەقينە لە عەشقدا بدۆزنەوە!

*

مـردن، عەشـق لـەناو نابـات.. تـەنيا چـراكە دەكوژێنێتـەوە تـا هەڵهاتنی رۆژێكی نوێتر رابگەيەنێت!

***

## نامەیەکی تاگۆر بۆ هاوسەرەکەی:..

دوێنێ شەو کە هاتیە دیدەنم، چەپکێ گوڵی سپیت لە بەرۆکی خۆت دابوو.. چەندین جار ویستم تکات لێبکەم پێمی ببەخشی، بەڵام نەموێرا..

کاتێ لێم دوور کەوتیتەوە و چوومە ناو جێگا، چاوەکانم خەویان لێ تۆرا و بەربەیان، وەکوو نیازمەندێك، چەند پەڕێك لە چەپکە گوڵەکەتم دۆزییەوە و بۆنم کردن..

ئەم پەڕە وشکانە، خۆیان لە خۆیاندا هیچ نرخێکیان نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی یادی خۆشەویستی و عەشقی تۆیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، هەروەکوو گوڵ و شووشەی (عەتر) لای خۆم دەیانپارێزم تا ئەو رۆژەی دووبارە بێیتەوە دیدەنیم و دڵم بە بینینی روخساری وەك پەڕەی گوڵت سوکنا بگرێت.

تیشکی بەربەیان دەکەوێتە پەنجەرەکەم و لە لایەن تۆوە پەیامێکی پێیە:

ئەوەی بەدەستەوەت گرتووە، چییە؟

ولآمی دەدەمەوە: ئەمە چەپکە گوڵێك یا رێحانێك یا گولاو نییە، بەلآم لەبەر ئەوەی لە خۆشەویستێکەوە بۆم بە یادگار ماوەتەوە، گەلێ لە لام بەرز و پیرۆزە.

ئینجا لە شوێنی خۆم دادەنیشم و بیر دەکەمەوە:.. ئەم یاد و بەرهەمەی پێکشادبوون لەکوێ هەڵبگرم و بیپارێزم؟

هەرهەموو ئارایش و خۆشییەکانم خستوونەتە لاوەو بە یادی تۆ، تۆیەك کە دڵی منت رفاندووە، کونجێکم هەڵبژاردووە.. چ زیوەر و زینەتێك سەرووتر و جوانترە لەوەی پاشماوەی ئەو چەپکەگوڵە یاسەمینەی تۆ لە سنگی خۆتت دابوو، ئێستا بەسەر دڵی منەوەیە و سەبرو ئارامیم پێدەبەخشێت.

تۆ، ئەی گوڵی جوانی من کە دڵێکت هەیە پڕ لە ئازار و، خەو سێبەری خستۆتە سەر هەموو جەستەت، ئەی نەتبیستووە دەڵێن: جوانی و شکۆی گوڵ زۆرتر بۆ ئەوەیە کە کەوتۆتە داوێنی دڕکێکەوە؟!

رابە.. کات بە هەند وەرگرە.. هەستەوەو بیر لەوە بکەوە کە لە پاڵ بەردەکاندا پیاوێکی بێکەس و تەنیا چاوەڕوانتە، پیاوێك کە هەرگیز نابێ فریوی بدەیت.. هەرگیز نابێ چەواشەی بکەیت.. چی دەبێ ئەگەر بەرەو لای بچیت و کاتێ بە تەنها روخساری دڵنەوازی تۆی خستۆتە بەرچاوی دڵی خۆی، هەقیقەتی بۆ ئاشکرا بکەیت و بە ئاوازی هەنگاوە نەرمەکانی خۆت، لەو خەونەی لە خۆیی گرتووە

رزگاری بکەیت و بە ئاگای بهێنیتەوە تا بتوانێ خۆشەویستەکەی بۆ تاوێك بە هەقیقی لە ئامێز بگرێت.

ئێمـە دەسـتمان ناوەتـە نـاو دەسـتی یـەکتر و چـاومان لـە یـەك برِیــوە، چــونکە چــارەنووس وای دەخواســت کــە ئێمــەش لــە چرکەساتێکدا لە شەرابی (ئەبەدییەت) سەرمەست ببین.

وەرە..

هەروەك چۆنی ئاوا وەرە.. درەنگ مەکە

زولفەکانت پەرێشانن

قژی جوانت شێواوە

هەر وا وەرە

وەرە و دڵگیر مەبە

وەرە، هەرچۆنێك هەیت

وەرە ماتڵ مەکە

چیمەنەکان پێشێل بکە و بە پەلە وەرە

گەر مرواریيەکانی گەردنیشت دابکەون و ون ببن

هەر وەرە و دڵگیر مەبە

لە بێستانەکانەوە وەرە

توندتر وەرە

ئەو هەورانە دەبینی کە ئاسمانیان داپۆشیوە

بە درێژایی رووبارەکە تیایدا دەبینرێن

پۆله باڵنده سرکه‌کان له فڕیندان

ئــه‌و یــاده‌ی لــه چــیمه‌نه‌کانه‌وه تێده‌پــه‌ڕێت و هــه‌رده‌م گه‌شــتر ده‌بێته‌وه، (با) خامۆشی ده‌کات

کێ ده‌توانێ گومانی لــه‌وه هــه‌بێ کــه تــۆ ســورمه‌ت لــه موژگانــت نه‌داوه

چونکه چاوه تۆفانییه‌کانت له هه‌وره بارانییه‌کانیش ره‌شترن

ئه‌گه‌ر هێشتا چه‌پکه گوڵێکت نه‌چنیوه، چ قه‌یدییه؟

گه‌ر زنجیره زێڕکه‌شت له گه‌ردنتا نییه هه‌ر قه‌یدی نییه

ئاسمان به هه‌ور ته‌نراوه.. دره‌نگه.. هــه‌روه‌ك چۆن هــه‌یت، ئــاوا وه‌ره

وه‌ره.. هه‌ر ته‌نیا وه‌ره.

هه‌ڵاتنی هه‌تاو و بۆنی سه‌رخۆشکه‌ری گوڵه‌کان مــژده‌ی جــوانی و کامه‌رانیمان ده‌ده‌نێ.. ئه‌م عه‌شقه‌ش له دڵــی ئێمــه‌دا ســه‌وز بــووه، هێنده‌ی گۆرانییه‌کانی گوند که لــه دووردەســته‌کانه‌وه ده‌بیســترێن، پاك و ساكاره.

ئــه‌و یاســه‌مینانه‌ی بــۆ منــت چــنیون و بــه چــه‌پکه به‌ســتوونت پێمــده‌ڵێن: بێــدار بــه، کــه ئــه‌م دیارییــه ئاوێتــه‌ی ئــاڵوگۆڕی نیگــای شه‌رمساری ده‌بێت...

ئــه‌و، کــه‌مێك بــه ده‌متــه‌وه پێده‌کــه‌نێت و ده‌مێکــیش شــه‌رمنانه لێوی له لێــوت ده‌ئاڵێنێــت و ســه‌رده‌مێکیش بــه بــێ هــۆ هۆشــی بــه

خۆیەوە نامێنێت.


بەڵام، من دەڵێم: عەشقی من و تۆ لەو ئاوازانە پاکتر و زوڵاڵترە کە بۆ تۆم هۆنینەوە و بۆتۆم چڕین.

هیچ کات و زەمەنێك لەم چرکەساتە خۆشتر نییە کە ئێمە هەست بە بوونی یەکدی دەکەین.. ئەوەی بە مەحاڵ و نەکردەنی دەزانرێت، لە نێوان من و تۆدا بوونی نییە.. تەنانەت لە پشتەوەی ئەم تەلیسمەش، هیچ سێبەرێك هەڕەشە لە ئێمە و بەختەوەرییەکانمان ناکات.

وەرە..

هەرچۆنێك هەیت، پەلە بکە و وەرە.

***



تاگۆر لە کۆتا ساڵەکانی تەمەنیدا



# باڵندە ئـــاوارەکان

## تاگـــۆر

باڵندە ئاوارەکانی هاوین، دێنە پاڵ دەلاقەکەم

گۆرانی دەچڕن..و

باڵ دەگرنەوە.

گەڵا زەرد و خامۆشەکانی خەزان

ئاخ هەڵدەکێشن

دەکەونە باڵەفرتێ..و

دەڕژێنە سەر زەوی

*

ئەی گرووپی بچووکی ئاوارەکانی جیهان

شوێنپێی خۆتان

لە سەر وشەکانم جێبهێڵن.

*

جیهان، بۆ عەشقەکەی

پەردەی مەزنێتی لە روخساری لا دەدات..و

بچووك دەبێتەوە

(مانا) ئاوازێك

(مانا) ماچێکی جاویدان.

*

بزەی خاك

ئەسرینەکانی

(شکۆفا) دێڵێتەوە.

*

بیابانی بە هێز

دەسووتێ لە عەشقی پەڕە گیایەکدا

کە دەبزوێت..و

پێدەکەنێت..و

دوور دەکەوێتەوە.

*

گەر بگری بۆ لە دەسدانی هەتاو

ئەستێرەکانیش

لە دەست دەدەیت.

*

ئەی ئاوی پڕ سەما

وردە ڕێخەکانی سەر ڕێت

گۆرانیت و ڕۆیشتنیان لێت دەوێت

ئایا تۆ، باری (شەل) بوونی ئەوان لە کۆڵ دەنێی؟

*

روخساری تامەزرۆی

وەکوو بارانی شەوان

زۆرجار دێتە خەونم.

*

جارێك خەومان بینی پێك نامۆین

راچەنیین

زانیمان ئازیزی یەکدیین

*

خەمی دڵ

بە شێوەی شەو

لە ناو درەختە ئارامەکاندا

بە ئارامی

خامۆش دەبێت.

*

چەند پەنجەیەکی نەبینراو

وەکوو نەسیم

ئارام

مۆسیقای شەپۆلەکان لە دڵمدا دەژەنن.

*

ئەی دەریا، زمانت چییە؟

زمانی پرسیاری جاویدان

ئەی ئاسمان، تۆ بەکامە زمان وڵام دەدەیەوە؟

بە زمانی خامۆشیی جاویدان.

*

ئەی دڵی من

گوێ بدەیە سرتەی جیهان

عەشقت ئاراستە دەکات

*

نهێنیی خیلقەت

لە تاریکایی شەو دەچێ

ئەمە مەزنە

کەچی فریوەکانی زانابیمان

لە تەمی بەربەیان دەچن.

*

عەشقت مەخەرە هەڵدێرەوە

چونکە ئەو

زۆر بڵندە.

*

بەرەبەیان

لە پاڵ پەنجەرە دەوەستم

و

جیهان

وەکوو ڕێبوارەکان

کەمێك هەنگاوەکانی سست دەکات و

سەرێکم بۆ دەلەقێنێت و

تێدەپەڕێت.

*

ئەم هزرە بچووکانە

لە خشەی گەڵاکان دەچن

لە یادەوەریمدا ویرەویری شادمانی دەکەن.

*

بوونی تۆ نابینرێت

ئەوەی دەیبینی، سێبەرە

*

مامۆستام

ئارەزووەکانی من گەمژانەن

کە لەناو ئاوازەکانی تۆدا دەیکەنە قاڵ

لێمگەڕێ

با سەرتاپێ ببمە گوێ.

*

ناتوانم باشترین هەڵبژێرم

ئەوە، باشترینە من هەڵدەبژێرێت.

*

ئەوانەی فانۆزەکانیان

لە پشتەوە هەڵدەگرن

سێبەرەکانیان دەکەونە پێشیانەوە.

*

بوونی من

لە سەرسووڕمانێکی جاویداندایە

کە پێیدەڵێن ژیان.

*

"ئێمە،

ئەو گەڵایانەی خشەخش دەکەین

گۆرانییەکمان هەیە کە وڵامی تۆفانەکان دەداتەوە،

ئەی تۆ،

کە ئاوا بێدەنگی، کێیت؟"

" من، هەر تەنیا گوڵێکم".

*

ئاسایش هیی کاره

هەر وەکوو ئەبرۆ هیی چاوه.

*

سرشتی مرۆڤ

سرشتی منداڵانەیه

هیزی ئەو

هیزی گەشەیه.

*

خواوەند

نه بۆ هەتاو

و نه بۆ زەمین،

بەڵکو لەبەر ئەو گوڵانەی بۆمان دەنێرێ

چاوەڕوانی وڵامه.

*

ئەو ڕووناکاییەی

وەکوو منداڵێکی ڕووت

به شادییەوه

لەناو گەڵا سەوزەکاندا یاری دەکات،

نازانێ که مرۆڤ دەتوانێ درۆ بکات.

*

ئەی شۆخ
خۆت لە عەشقدا ببینەوە
نەك لە زمانلوسیی ئاوێنەدا.
*

دڵم،
شەپۆلەکانی بە ڕۆخی دنیادا دەدات و
بە گریانەوە لێی دەنووسێت:
"خۆشمدەوێیت".
*

ئەی مانگ،
چاوەڕوانی کێیت؟
"چاوەڕوانی هەتاوم
تا دروودی بۆ بنێرم و
ڕێگای بۆ بکەمەوە".
*

درەختەکان
هەر وەکوو ئاوازی ئارەزوومەندی زەمینی بێ زمان
تا لێوی پەنجەرەکەم بەرز بوونەتەوە.
*

بەربەیانەکانی خواوەند

سەرسوورڕهێنەرە نوێیەکانینی.

*

ژیان،

دەوڵەمەندییەکەی

بە سامانی دنیا..و

بایەخیشی

بە دەوڵەتی عەشق مسۆگەر دەکات.

*

رووباری وشکبوو،

بە بۆنەی رابردووەکەیەوە

هیچ سوپاسێك نابیستێ.

*

باڵندە ئاوات دەخوازێت:

" بریا هەور بوومایە"

هەوریش ئارەزوو دەکات:

" خۆزگە باڵندە دەبووم".

*

تاف بە ئاوازەوە دەچڕێت:

کاتێ بەر بوومەوە

گۆرانییەکەم دەدۆزمەوە.

*

ناتوانم بڵێم

بۆچی ئەم دڵەم

کەم کەمۆکە

زار و لاواز دەبێت.

پێویستیی بچووك بچووکی هەن

کە هەرگیز نایەوێت

یا نازنێت

یا بە بیری نایەتەوە.

*

ئەی ژن،

کاتێ بۆ ئیشوکاری ماڵەوە

بەملاو ئەولادا دەچی

جەستەت گۆرانی دەڵێت

وەکوو جۆبارێك

لە بەرزاییەکەوە

لەناو ریخەکانیدا.

*

هەتاو،

کاتێ بە دەریای ڕۆژاوادا تێدەپەڕێت

دوایین درووەدەکانی ئاراستەی ڕۆژهەڵات دەکات.

*

لۆمەی خواردنەکە مەك

تۆ خۆت ئیشتیات نییە.

*

درەختەکان،

هەر وەکوو ئارەزووی زەمین،

بەسەر نووکی پەنجەوە وەستاون

تا سەیری ئاسمان بکەن.

*

تۆ..

بە ڕوومدا پێکەنییت و

هیچت نەگوت

منیش

وام هەست دەکرد

لە مێژە چاوەڕێی بووم.

*

ماسی

لە ئاودا خامۆشە و

ئاژەڵ

بەسەر خاکەوە هاوتوهاواریەتی و

باڵندە

لە ئاسماندا گۆرانی دەچڕێت

بەڵام مرۆڤ،

خامۆشیی دەریا و

هاتوهاواری خاك و

مۆسیقای ئاسمان

هەمووی لە گەڵدان.

*

جیهان

هێرش دەکاتە سەر ژێیەکانی دڵی ماتی ئاوازێك

کە مۆسیقای خەم دەژەنێت.

*

ئەو..

چەك و ئامێرە جەنگییەکانی کردوونەتە خوای خۆی

کاتێ ئامێرە جەنگییەکانی سەر دەکەون،

ئەو،

خۆی تێکدەشکێ.

*

خواوەند

خۆی لە ئەفراندنا

دەبینێتەوە.

*

سێبەر

بە (رووبەند)ێکەوە

رووناکی حەشار دەدات و

خاکەسارانە

و

بە هەنگاوی ئارام

دوای عەشق دەکەوێت.

*

هەسارەکێ

چانەی مەتەرسا

پێسە ئایرەقوولەکا

بەر گنا

*

سوپاس بۆ تۆ

کە نەبوومە هیچپیەك لە (چەرخ)ەکانی وزە

بەڵام

لەگەڵ ئەو ئافەریدە زیندووانەی

کە(چەرخ)ی وزە تێکیان دەشکێنێت

یەکێکم

*

دڵی تێژما

چەسپیۆ پۆ گرد خاڵێوە

بەڵام

مەجمۆوە

*

بتی تۆ

لە خاکدا تێکشکاوە

تا بیسەلمێنێ

غوباری خوا

مەزنترە لە بتی تۆ

*

مرۆڤ

خۆی لە مێژوودا ئاشکرا ناکات

ئەو،

لەو رێگەیەوە هەوڵ دەدات

*

چراوە شیشەییەکێ

چراوە گڵێنەکێش مامۆزێ وێش زانا

چی بەینەنە

مانگە ورئاما..و

شیشەکێ

بە زەردەخوێوە دلگیر

چڕیەش وەنە:

ئازیزەو دلێم.. واڵە ئازیزەکێم

*

ئێمە

پێسە دیدارو شەپۆلێ و باڵندە دەریاییەکا

نزیکێ یۆترینی گنمێوە

باڵندەکێ باڵێ گێراوە

شەپۆلەکێ سوورِ وەرا و دووریێ گناوە..

و

ئێمەیچ

جە یۆی

جییە بیمە

*

ڕۆژم بە کۆتا گەیشتووە..و

من هەر دەڵێی گەمییەکم

ڕۆ نیشتۆتە ڕۆخی دەریا..

و

گوێی داوەتە

ئاوازی سەمای هەڵکشانی ئاو

*

ژیانیان بە ئێمە بەخشی..و

ئێمەش

بە بەخشین

دەیدۆزینەوە

*

وەختێ

حاکەسارێوە

گەورێ بیمێ

جە گردی فرەتەر نزیکێ گەورەیی کەوتێنمە

*

مریچڵێ

حەسرەت وەرۆ پەی

(بار)و

کلکو تاوسی

*

ئاوازی جاویدان دەچریکێنێ:

هەرگیز لە (سات)ەکان مەترسە

*

تۆفانی باهۆز

بە لاڕێدا دەڕوات

بە دوای کورتترین ڕێگەدا.. و

لە ناکاو

ئەم پەیجۆییە

لە (هیچکوێ)

دەگاتە کۆتایی

*

ئەی یار...

شەرابەکەیم

مجەرە دڵێ پێکەکەو وێم

چونکە ئەگەر

کەردت دلێ پێکو خەڵکی،

ئاڵقێ کەفەکەیش جە دەس مدۆ

*

کامڵ..

بە عەشقی ناکاملۆ

وێش رازنۆوە بە جوانیۆ

*

خوا بە ئینسانی ماچۆ:

شیفات مدەو

چونکە زەرەیچت مدەو وەنە

وەشم مسیەی

چونکە مکافاتت کەرو

*

سپاسو شۆڵەی کەرە

پەی رۆشناییش

بەڵام چێر چراوەکەیچ ویر مەبەرۆ،

کە هەمیشە سەبوورانە

سێبەرەنە مدران،

بێدەنگ

*

ئەی سەوزەی بچووك

هەنگاوەکانی تۆ کورتن

بەڵام زەوی

هەر لە ژێر پێی تۆدایە

*

گوڵی بچکۆلە دەپشکوێ..و

هاوار دەکات:

ئەی دنیای ئازیز

تکا دەکەم

تاریك مەبە

*

خوا

لە گوڵە بچووکەکان نا،

لە سەرزەمینە گەورەکان

دڵگیر دەبێت

*

هەڵە، ناتوانێ شکست قەبووڵ بکات

بەڵام راستی..

با، دەتوانێ

*

"هەموو ئاوەکانم

شاد و سەرخۆش دەبەخشم

گەر چەند دڵۆپێکیان

تینوێتیی ناختان بشکێنن"

ئەمە گۆرانیی تافگەیەك بوو.

*

چکۆوەن ئا سەرچەمە

کە گوڵەکا

بە ورقوڵیای دایمیی شادی

مارۆ وە بەر؟

*

تەوری دار بڕ

دەسکێکی لە درەخت خواست

درەخت، پێیدا

*

لە تەنهایی دڵمدا

حەسرەتی ئەم شەوە شوو مردووە

هەست پێدەکەم

کە چارشێوێکی لە تەم و بارانی بەسەردا داوە

*

داوێنپاکی

سامانێکە

لە زۆریی عەشقەوە دێت

*

تەم

وەکوو عەشق

لە دڵی تەپۆڵکەکانا یاری دەکات..و

گەڵێ جوانیی سەیر دەخولقێنێ

*

گێتی بە هەڵە دەخوێنینەوە و

دەڵێین:

چەواشەمان دەکات

*

نەسیمی شاعیرانە

بەسەر دەریا و جەنگەڵەوەیە

تا بۆ ئاوازەکەی بگەڕێت.

*

هەموو منداڵێك

بەم پەیامەوە

دێتە دنیا کە:

خوا

هێشتاش

لە مرۆڤ

نائومێد نەبووە.

*

سەوزە

چڕیی خۆی

لە زەمین

و

درەختیش

تەنهاییەکەی

لە ئاسماندا

دەبینێتەوە.

*

مرۆڤ

خۆی

بەرد دەخاتە

بەر رێگەی خۆی.

*

دەنگی تۆ

ئەی دۆست

لە دڵی مندا ئاوارەیە

هەروەکوو ئاوازی دەریا

لەناو ئەم (کاژ)ە گوێ قوڵاخانەدا

*

ئەم شۆڵە تاریکی نەدیتەیە چییە

کە ئەستێرەکان

تیشکی ئەون؟

*

بهێڵە با

ژیان جوان بێت

هەروەگوو گوڵەکانی هاوین

و

مەرگیش

هەروەکوو گەڵای پایزی.

*

ئەوەی دەیەوێ چاکە بکات

لە دەرکە دەدات

ئەو کەسەش عاشق دەبێت

دەرکەکە بە کراوەیی دەبینێ.

*

لە مەرگدا

گشت

دەبێتە یەك

و

لە ژیاندا

یەك

دەبێتە گشت

و......

.........

*

شێوەکار

عاشقی سروشتە

واتە ئەو

(بەندە)ش و (ئاغا)شیەتی.

*

ئەی میوە

چەندە لە من دووریت؟

ئەی گوڵ..

من لە دڵی تۆدا پەنهانم.

*

ئەم حەزە

بۆ کەسێکە

کە لە تاریکیدا هەستپێدەکرێت

بەڵام

بە ڕۆژ نابینرێت.

*

"تۆ

دڵۆپێکی گەورەی شەونمی

لە ژێر گەڵای نیلوپەڕدا

منیش دڵۆپێکی بچووك

بەسەریەوە"

ئەمە قسەی شەونم بوو بە دەریای گوت.

*

کالانی شمشێر

دڵی بە کولبوونەکەی خۆی خۆشە

کاتێ تیژیی شمشێرەکە

دەپارێزێت.

*

یەك

لە تاریکادا

لێکدەچێت

و

لە ڕووناکاییی

گەڵێ جۆرە.

*

زەمینی بەرین

بەهۆی سەوزەوەیە

وا دەنوێنێ

میوان نەوازە.

*

ژیان و مردنی گەڵا

سووڕانی توندی باهۆزە

کە شەپۆلە بەربڵاوەکانی

ئارام

بەناو ئەستێرەکاندا

دەگەڕێن.

*

وزە بە جیهانی گوت:

تۆ هیی منی

جیهان ئەوی

بە تەختەکەیەوە بەستەوە.

عەشق بە جیهانی گوت:

من هییی تۆم

جیهان

ئازادیی هێلانەی

پێ بەخشی.

*

تەم

وەکوو ئارەزووی زەمین وایە

هەتاو دەشارێتەوە

هەر بۆ ئەوەشە زەوی دەگری.

*

ئارام بە دڵی من

ئەم درەختە مەزنانە

(نیایش) دەکەن.

*

قیڕوهۆڕی سات
مۆسیقای جاویدان
دەداتە بەر گاڵتە
*

بیر لەو زەمەنانە دەکەمەوە
بە رووباری
ژیان و
عەشق و
مەرگدا
رۆیشتوون و لە بیر چوونەتەوە
و
من
ئازادیی رۆیشتن و تێپەڕین
هەست پێدەکەم.
*

خەمی رۆحم
رووبەندی بووکەکەیەتی
چاوەڕێیە
شەو دابێت و لە ڕووی لای دەن.
*

مۆری مەرگ

دراوی ژیان بەهادار دەکات..و

وا دەکات

بەهۆیەوە

گرانباییترین شت

بکڕن.

*

هەور

خاکەسارانە

لە کونجی ئاسماندا وەستا

بەربەیان

تاجی درەوشانەوەی لەسەر نا.

*

غوبار

درشتی وینۆ

جوابەنە

گوڵەکا وێش پێشکەشێ کەرۆ.

*

ماتڵ مەبە تا گوڵەکا کۆ کەریۆ..و

چەنی وێت بەریشا

راو وێت گێرە و لوە

چونکە گوڵەکێ

جە سەرتاسەرو رێتەنە

وێشا بە ئەوە تنگیای مازاوە.

*

رەگەکان

چڵەکانی ژێر زەمینن..و

چڵەکانیش

رەگەکانی ناو هەوان.

*

مۆسیقای هاوینی دوور

بە دەوری خەزاندا دەخولێتەوە..

بە دوای

هێلانەکەی پێشووتری خۆیدا.

*

شایستەییەکانت

لە گیرفانتەوە

بە قەرز مەدەرە دۆستەکانت

ئاوا سووکایەتییان پێ مەکە.

*

لەمسو ڕۆوە بێ نامەکا

وەزۆ دڵمەرە

پێسە قەوزەی

وەزۆ باڵاو درەختە قەیرەکارە.

*

وەختێ کامڕەواکێ

فیز بە رەحمەتو خوایۆ کەرا

خوا شەرم گێرۆش.

*

مرۆڤ

دەچێتە ناو حەشامەتێکی پڕ دەنگەوە

تا هاتوهاواری بێدەنگی نوقم بکات.

*

ئانە

جە هاڵێۆ بیەی کۆتاییش مێ

مەردەیا

بەڵام کۆتایی تەمام

ئینا خودو کۆتایینە.

*

هەتاو

بەرگی ساکاری رۆشنیی خۆی پۆشیوە..و

هەورەکان رازاونەتەوە

بە ورشەورش.

*

تەپۆڵکەکان

وەك هاواری ئەو منالاٌنەن

کە دەستیان هەڵبڕیوە

و

هەوڵ دەدەن

ئەستێرەکان بگرنەوە.

*

جادە

لەناو حەشاماتی خەڵکدا

تەنیایە

چونکە خۆشیان ناوێت.

*

ئەو گەلاٌ زەردانەی هەڵدەوەرن..

و

ئەو هەورانەی تێدەپەڕن

بەو هێزە پێدەکەنن

کە فیز بە زیانەکانیەوە دەکات.

*

زەوی ئەمڕۆ لە هەتاودا

هەروەکوو ژنان لە کاتی رستنا

چەند ئاوازێکی کۆنی

بە زمانی فەرامۆشکراو

بە گوێمدا چرپاند.

*

چڵە گیا

شایستەی ئەو جیهانە مەزنەیە

کە تێیدا دەڕوێت.

*

خەونی خۆش

هاوسەرێکە

کە دەبێ قسە بکات

خەویش

مێردێکە

بە ئارامی تەحەمولْ دەکات.

*

شەو
ڕۆژی ڕەنگ پەڕیو ماچدەکات..
و
بە گوێیدا دەچرپێنێ:
" من مەرگم..
دایکی تۆم
منم
سەرلەنوێ تۆ دەزێمەوە".
*
ئەی شەوی تار
جوانیی تۆ
وەکوو جوانیی ئەو یارە
کە چراکەی کوژاندۆتەوە
هەست پێدەکەم.
*
من لەو دنیایەدام
کە دەپشکوێ
ئەو جیهانانەش دەبەم
کە بە ناکامی تێپەڕیون.
*

ئەی یار

گەلێ شەوی تاریك

ئەوكاتەی من

لەم دەریابارەدا

گوێ دەدەمە شەپۆلەكان

خامۆشیی ئەندێشە مەزنەكانت

دەناسمەوە.

*

ئەو باڵندە ماسیگرەی

ماسی بەرەو ئاسمان دەڕفێنێ

وا دەزانێ چاكەی لە گەڵ دەكات.

*

ئێوارە

بە هەتاوی گوت:

" تۆ نامە ئاشقانەكەی خۆت

بە مانگدا بۆ من بنێرە

منیش وڵامەكانم

بە فرمێسك

دەڕژێنمە سەر گیاكان".

*

گەورە

بە بچووکی لە دایکبووە

کاتێکیش مرد

منداڵییە گەورەکەی خۆی

دەبەخشێتە جیهان.

*

سەمای ئاو

زیخە وردەکان بەرەو کەماڵ بانگدەکات

نەک زەربەکانی پیك.

*

هەنگەکان

نەرم نەرم

شیلەی گوڵەکان دەمژن..و

کاتێ ڕۆیین

سوپاسی خۆیان زەمزەمە دەکەن

بەڵام

پەپوولەی ڕەنگین

دڵنیایە

کە گوڵەکان سوپاسێکی پێ قەرزارن.

*

مادەم نیازت نییە لەمەڕ هەقیقەتی رەها

بدوێی،

راشکاوانە گوتن

ئاسانە.

*

لواو

لە نەلواوی پرسی:

"ماڵت لە کوێیە؟"

گوتی:

"لە خەونەکانی ناتەوانێکدا".

*

ئەگەر دەرکە لە رووی هەموو هەڵەکان دابخەیت

هەقیقەت لە پشتەوەی دەرگا دەمێنێتەوە.

*

لەو دیوی خەمی دڵەوە

ورتەی شتگەلێك دەبیستم

ناتوانم بیانبینم.

*

بەتاڵی

لە پەیجۆرییەکەیدا،

کارە

هێمنیی دەریا

شەپۆلەکانی

لە جووڵەدان.

*

گەڵا

ئەوکاتەی عاشق بوو

دەبێتە گوڵ

گوڵیش

کاتێ کەوتە پەرستن

دەبێتە میوە.

*

رەگەکان

لەوەی چڵەکان پێدەگەیەنن

چاوەڕوانی پاداشت ناکەن.

*

(با) ناحەوێتەوە

لەم شەوە باراناوییەدا

دەڕوانمە چڵە لەرزۆکەکان..

و

بیر لە مەزنێتیی (بوون) دەکەمەوە.

*

تۆفانی نیوە شەو

وەکوو منداڵێکی زەبەلاح

کە ناکاو لە تاریکایی شەودا راچەنێت

یاری و هاتوهاواری دەسپێکردووە.

*

ئەی دەریا

ئەی بووکی تەنهای تۆفان

گێسووت بێهوودە پەرێشان مەکە

کە دوای عاشقەکەت بکەوی.

*

قسە

بە کاری گوت:

" من شەرمەزاری پووچیی خۆمم"

کاریش

بە قسەی گوت:

" کاتێ تۆ دەبینم

تێدەگەم چەندە بێ ئەنوام".

*

زەمەن

سەروەتی گۆڕانە

بەڵام کاتژمێر

بە لاساییەکانی

دەیکاتە گۆڕانی پەتی

بێ هیچ سامانێك.

*

هەقیقەت

لە ناو جلوبەرگەکەیدا

راستییەکان

گەلێ تەسك دەبینێ

ئەو لە خەیاڵدا

بە ئاسانی

دەڕوات.

*

ئەی رێگا..

ئەوکاتانەی بەملاولادا دەڕۆیشتم

لێت زویر بووم

بەڵام ئێستە

کە دەمبەیتە هەموو جێیەك

من بە عەشقەوە
دێمە لات.
*
بازە با ویرێ کەرووە
کە دڵێ هەسارەکانە
هەسارێوە هەن
دڵێ نەژناسیایی تاریکینە
رانوماو ژیانو منا.
*
ئەی ژن
تۆ بە نەرمیی پەنجەکانت
هەرچیم هەبوو دەستت پێدا خشاند
ئیتر (سوکنایی)یش
هەروەکوو مۆسیقا
دەر کەوت.
*
دەنگێکی خەمبار
لەناو وێرانەی ساڵەکاندا
هێلانەی کردووە
شەوان ئاوازم بۆ دەڵێت:

"خۆشمدەویستی".

*

شۆڵەی ئاگر

بە گڕەکەی

بانگم لێدەگات

بە ورشەکەیەوە:

"لەم ڕەژووە کەمتەمەنانەی ژێر خۆڵەمیش

رزگارم کە".

*

ئەستێرەکان بە ئاسمانەوەن

درێغا چرا بچکۆلەکەمم

لەماڵەوە

دا نەگیرساندووە.

*

گەرد و تۆزی وشە مردووەکان ئاوێزانت دەبێت

رۆحی خۆت

بە بێدەنگی بڕازێنەوە.

*

لە ژیاندا هەندێ درز بەجێماون

کە لە ناویاندا

دەنگی نمناکی مەرگ دێتە گوێ.

*

گێتی

دڵڕووناکییەکەی

لە بەربەیاندا

راخستووە

دڵی من

وەرە دەرێ

تا بە عەشقتەوە بیبینی.

*

ویرەکێم

پی گەڵا رۆشناوە

درۆشیاوە..

و

دڵم بە گردو ئی وەرەتاویۆ

گۆرانییێ ماچۆ

ژیوایم شادا

کە چەنی گرد چێویێ

بە کەوەیی ئاسمانی

بە تاریکی زەمانی

ئینا ڕاوە.

*

خواوەند

هێزی مەزنێتیی

لە نەرمە نەسیمەکاندایە

نەك لە تۆفاندا.

*

ئەمە خەونێکە

کە تیایدا هەموو شتەکان ئازاد و سەربەستن..

و

ئازار دەکێشن

کاتێ راچڵەکێم و ئازاد بم

هەموویان لە تۆدا کۆ دەکەمەوە.

*

هەتاو

کاتی ئاوابوونی

پرسیی:

کێ بارەکەم دەخاتە سەرشانی؟"

چرا قەنیلە گوتی:

" سەروەرم..

چیم لەدەس بێ دەیکەم".

*

بە هەڵوەراندنی گوڵ

ناتوانی جوانیەکەی بدۆزیتەوە.

*

بێدەنگی

ئاوازەکەت لێدەبات

هەر وەکوو هێلانەیەك

کە باڵندە نووستووەکان دەپارێزێت.

*

گەورە

لەگەڵ بچووکدا هەنگاو دەنێ

بە بێ ترس

ناونجی..

خۆی بە دوور دەگرێ.

*

شەو

بە پەنهانی

گوڵ دەپشکوێنێت..

و

لێدەگەڕی

تا گوڵ سوپاسی رۆژ بکات.

*

دەسەڵات

بە پێنەزانیی دادەنێت

سەمای مەرگی قوربانییەکانی.

*

ئەو کاتەی لێوڕێژیمان

دەکەینە شادی

دەتوانین بە شادییەوە

لە میوەکانمان جیا بینەوە.

*

دلۆپەکانی باران

خاکیان ماچ دەکرد..

و

لەبەر خۆوە دەیانگوت:

"دایە..

ئێمە

کۆرپە غەریبی دیوەکانی تۆین

کە لە ئاسمانەوە

دەگەڕێینەوە

ئامێزت".

*

تەونی جاڵجاڵۆکە

وای دەردەخات

شەونمەکان دەگرێت

کەچی

تەنیا مێشەکان

دەخاتە داو.

*

ئەی عەشق

ئەوکاتەی مۆمی سووتاوی ئازارت بە دەستەوەیە

و

دێیت

دەتوانم روخسارت ببینم

و

بە (بەرەکەت)ت بزانم.

*

ئایرەقوولە

بە هەسارەکاش وات:

ماچا رویّ یاوۆ
رۆشناییتا کۆتاییش میّ،
هەسارەکیّ
هیچ جوابێوەشا نەداوە.
*
دەمەو ئێوارە
بەربەیان
دێتە هێلانە بێدەنگەکەمەوە.
*
فکرەکان
لە دڵمدا
وەکوو پۆلی
باڵندەکانی ئاسمان
تێدەپەڕن!
دەنگی باڵەکانیان دەبیستم.
*
کارێز
حەز دەکات وا بزانێت
رووبارەکان
هەر بۆ ئەوەن

کە ئاو بە ئەو بگەیەنن.

*

جیهان

رۆحی خەمزەدەمی ماچ کرد و

خوازیاری گەڕانەوەی گۆرانیەکانی بوو.

*

ئەوەی ئازارم دەدات

ئایا رۆحی خۆمە

کە دەیەوێ لەو کونەوە سەردەر بێنێ

یانخود رەوانی جیهانە

کە لە دەرکەی دڵم دەدا..

و

دەیەوێ بێتە ژوورەوە؟.

*

هزر

لە وشەکانی خۆی

دەخوات

و

پێدەگات.

*

گۆزەی دڵم
لەم کاتژمێرە خۆشەدا
خستۆتە ناو ئاوەوە..
و
ئەویش..
سێراوی عەشق بووە.
*
چ کارێك بکەیت
و
چ نەیکەیت
کاتێ دەڵێی با کارێك بکەین
ئیتر زیان دەسپێدەکات.
*
گوڵە بەڕۆژە
لە شەرما سوور هەڵگەڕا
کە گوڵە بێ ناوەکەی بە خزمی خۆی بزانێت..
هەتاو هەڵات
بە دەمیەوە پێکەنی و گوتی:
"ئازیزم چۆنی؟".
*

ئەوە کێیە

کە وەکوو چارەنووس

بەرەو پێشەوەم دەبات؟

ئەوە منم

کە بەدوای خۆمدا هەنگاو دەنێم.

*

هەورەکان

پێکەکانی رووباریان لێورێژ کردووە

و

خۆیان

لە تەپۆڵکە دوورەکانا دەشارنەوە.

*

بەو رێگەیەی پێیدا دەڕۆم

لە گۆزەکەمەوە ئاو دەڕێژم

بۆ ماڵەوە کەمێکی ماوەتەوە.

*

ئاوی گۆزە ورشەی دێت

و

ئاوی دەریا لێڵە

هەقیقەتی بچووک پەیڤێکی هەیە،

ڕۆشن..

و

هەقیقەتی گەورەش بێدەنگییەکی هەیە،

قووڵ

*

بزەی تۆ

گوڵی باخچەکانت بوو

پەیڤینت

ئاوازی سەروە کێویلەکانت..

بەڵام دڵت

ئەو ژنە بوو کە ئێمە هەموو دەیناسین.

*

ئەم شتە بچووکانە

بۆ ئازیزەکانم دادەنێم

شتە گەورەکان

هیی هەموانن.

*

ئەی ژن

تۆ دڵی دنیات

بە قووڵایی فرمێسکەکانت

پەرژین کردووە

وەکچۆن دەریا

زەمینی پەرژین کردووە.

*

هەتاو

بە بزەوە

سڵاوم لێدەکات

باران،

خوشکە خەمزەدەکەی،

لەگەڵ دڵمدا دەپەیڤێت.

*

گوڵی ڕۆژم

گوڵپەڕە لەبیرەوە چووەکانی خۆی

دا وەراندووە..

و

ئێواران

وەك میوەی زێڕینی بیرەوەری پێدەگات.

*

وەك ئەو ڕێیەم

کە شەو

بە بێدەنگی

گوێ بۆ هەنگاوی بیرەوەریەکانی رادەگرێت.

*

ئاسمان بە لامەوە

لە پەنجەرەیەك

و

چرایەکی رۆشن

و

چاوەڕوانییەکی ئەودیویان دەچێت.

*

ئەو کەسەی..

زۆر پەیجۆری چاکەکارییە

ئیتر دەرفەتێکی بۆ چاکبوون

نابێت.

*

هەوری پاییزیم

و

بارانم نییە

لێورێژیم لە مەرەزەی پێگەییودا ببینە.

*

کینەتۆزییان کرد

کوشتاریان کرد..

و

جەماوەر هەر پێیدا هەڵدان

بەڵام خوا

شەرمنانە

تێدەکۆشێت

تا بیرەوەرییەکانیان لە بن چیمەنەکانا

لە گۆڕ بنێ.

*

پەنجەکانی پێ

هەمان پەنجەکانی دەستن

کە لە رابردووی خۆیان دابڕاون.

*

تاریکایی

ڕێگای بەرەو رووناکی تێدایە

کوێری،

بەرەو مەرگ.

*

دڵی من

ئارام بگرە

و

گەردوخاك مەپڕژێنە

بهێڵە

با جیهان ڕێگایەك بەرەو تۆ بدۆزێتەوە.

*

تیر

پێش ئەوەی لە کەوانەوە بهاوێژرێت

کەوان بە گوێیدا دەچرپێنێ:

"ئازادیی تۆ

ئازادیی منە".

*

ئەی ژن

تۆ لە پێکەنینتا

مۆسیقای چاوگەی ژیانت پێیە.

*

زیهن

تەواو لۆژیکی،

دەڵێی چەقۆیەکە

هەمووی هەر دەمە..

و

ئەو دەستەی کاری پێدەکات

دەیبڕێت.

*

خواوەند

ورشەی چرای مرۆڤی

لە ئەستێرە گەورەکانیش

خۆشتر ئەوێ.

*

ئەم جیهانە

جیهانی تۆفانەکانە

کە بە مۆسیقای جوانی

دەستەمۆ بووە.

*

ئێوارە

بە هەتاوی گوت:

"دڵم بوخچەی زێڕینی ماچەکانتە".

*

دەست بۆ ئەوە دەبەی کە

رەنگە بیکوژی

لەوە دوور دەگری کە

رەنگە بەدەستی بێنی.

*

شێڕشێڕو شێڕشێڕ کەرەی

و

چکەچکو وارانی

مەیا لام

دڵێ تاریکینە

پێسە گۆرانیەو وەرمە وەشەکاو جوانیی ویەردەیم.

*

گوڵ

سەری بەرەو ئاسمانی بەربەیان

کە هەموو ئەستێرەکانی ون کردبوون

بەرز کردەوە

و

گوتی:

" شەونمەکەمم ون کردووە".

*

وشکەداری سووتاو

لەناو گڕدا

کڵپە دەستێنێت

و

دەڵێت:

"ئا ئەمەیە گوڵی من..

مەرگی من".

*

هەنگ

کەندووی هەنگەکانی هاوسێی

زۆر بچووك دەبینێت

هاوسێکانیشی لێی دەخوازن:

کەندوویەکی هێشتاش بچووکتر

دروست بکات.

*

لێوار

بە رووباری گوت:

"توانای ئەوەم نییە

شەپۆلەکانت بگرمەوە

بهێڵە با شوێنپێکانت

لە دڵمدا هەڵگرم".

*

ڕۆژ

بە جاڕوجەنجاڵی ئەم زەوییە بچووکە

بێدەنگیی ئەم جیهانە

نوقم دەکات.

*

چریکە

بێ پایانی لە ئاسماندا هەست پێدەکات..

و

وێنەش لە زەمیندا

چونکە وشەکانی شیعر

واتایەکیان تێدایە

کە هەنگاو داوێت

و

ئاوازێکیش

کە بەرەو سەرووتر دەفڕێت.

*

ئەوکاتەی هەتاو

لە ڕۆژاوادا

وندەبێت،

ڕۆژهەلاتی بەیانی

لەبەردەمیدا

بێدەنگ رادەوەستێ.

*

مەهێڵە

من بە هەڵە

ئاوێزانی جیهان بم

و

دژی خۆمی راپەڕێنم.

*

ستایش

سەرزەنشتم دەکات

لەبەر ئەوەی

ژێراوژێر

خوازیاریم.

*

بهێڵە با ئەم هیچکارێك نەکردنەم

ئەو کاتەی کارێك نییە بیکەم

هەڵنەچێت

لە قووڵایی ئارامییدا

هەروەك ئێوارەی رۆخی دەریا

لە کاتی هێمنیی ئاوی دەریادا.

*

کچی جوان

ساکارییەکەت

وێنەی ئاودێریی دەریاچە

قووڵایی هەقیقەتت ئاشکرا دەکات.

*

باشترین

نەك بە تەنێ

لەگەڵ هەموان دێت.

*

دەستی راستی خوا ئارامە

دەستە چەپی بەڵام

قورسە قورس.

*

شەو

لەناو درەختەکانا

بێگانە کەوتە بەرچاوم

و

بەو زمانەی کە ئەستێرەکانی بەربەیانم نەیانزانی

قسەی کرد.

*

تاریکایی شەو

لەو توورەکەیە دەچێت

کە بە زێڕی سپێدە

دادەدڕێت.

*

ئارەزوەکێما

ڕەنگەکاو پلوورەوارانێ

بە تەم و دەمەی بێ ڕەنگو ژیوای

مدا قەرز.

*

خوا

چاوەڕێیە

تا گوڵەکانی خۆی

وەکوو دیارییەك

لە دەستی مرۆڤ وەربگرێتەوە.

*

هزره ئەندووهبارەکانم

بە پرسینی ناونیشان

ئازارم دەدەن.

*

خزمەتکردنی میوە

گرانباییە

خزمەتکردنی گوڵ

دڵنەوازە

بەڵام با خزمەتی من

بۆ گەڵاکان بێت.

*

دڵم

بادەوانەکانی خۆی

بەرەو دوورگەی گشت جێیەك

بە (با)یە ئارامەکان سپاردووە.

*

خەڵك ستەمکارن

مرۆڤ بەڵام،

میهرەبانە.

*

بمەکەرە پێکی خۆت

تا لێوڕێژییەکەم بۆ تۆ بێت.

*

تۆفان

لەو خوا دەردمەندە دەچێت

کە زەمین

دەستی (رەد)ی بە سنگی عەشقیدا داوە.

*

جیهان

نارژێتە دەرەوە

چونکە مەرگ

درزێك نییە.

*

ژیان

بەو عەشقەی لە دەستی داوە

مەزنتر بووە.

*

ئەی دۆست

دڵی گەورەت

لە گەڵ هەڵاتنی هەتاوی رۆژهەڵات

هەروەکوو لووتکەی بەفرپۆشی تەپۆڵکەیەکی تەنیا
لە بەربەیاندا درەوشایەوە.

*

سەرچەمەو مەرگی
ئاوێ مەندەو ژیوای
وزۆنە چرچ و لۆچۆ.

*

خوایە...
ئەوانەی هەموو شتیان هەیە
مەگەر تۆ بدەنە بەر پلار
ئەوانەش هیچیان نییە
هەر مەگەر تۆ بەر پلار بخەن.

*

بزاوتی (بوون)
لە مۆسیقاکەیدا
ئارام دەگرێت.

*

شەق
تەنیا غوبار
لە زەوی بەرز دەکاتەوە

نەك خەرمان.

*

ناوەکانی ئێمە تیشکێکن

شەوان بەسەر شەپۆلی دەریاکانەوە دەبریسکێنەوە..

و

دواییش

بە بێ هیچ ناونیشانێك

مەحف دەبنەوە.

*

لێیگەڕێ با

تەنیا دڕکەکان ببینێ

ئەو کە چاوی هەیە

بۆ بینینی گوڵەکان.

*

باڵی باڵندەیەك

بە زێڕ بنەخشێنە

دەبینی

ئیتر هیچکات

بەرەو ئاسمان هەڵنافڕێت.

*

هەر ئەو لاولاوەی وڵاتی خۆمانە

لێرە لە ئاوێکیترا

هەر بەو ناسکییە..

و

بەناوێکیترەوە

پشکووتووە.

*

مەودا

لە روانگەی دڵەوە

بە (زۆر) دەبینرێت.

*

مانگ

رووناکایی خۆی

بە سەرتاسەری ئاسماندا

دەپژێنێ

پەڵە رەشەکانیشی بۆ خۆی هەڵدەگرێت.

*

چاك

بەربەیانە

بەناوی دوێنێ فڕێی مەدە

وا چاوی تێ ببڕە

کە کۆرپەیەکی هێشتا بێ ناو

بۆ یەکەمجار دەبینێ.

*

دووکەڵ

فیز بە ئاسمانەوە دەکات

و

خۆڵەمێش

بە زەمینەوە

کە هەردوویشیان برای ئاگرن.

*

دڵۆپە باران

لەگەڵ (یاس)دا ورتەی دەهات:

"بۆ هەمیشە لە دڵتدا هەڵمگرە"

گوڵی یاس ئاخێکی هەڵکێشا:

"مخابن"

و..

کەوتە سەر خاک.

*

ئەی هزرە ترساوەکان

له من مەترسێن

من شاعیرم.

*

ئانەی مشۆ

بێدەنگیی تاریکو گیانیم

لێوانلێو بۆ

جه شێڕەو شێڕشێڕکەرەی..

و

وێرەگانەی بووڵێنو دەنگی.

*

ئەی (هاژەك)ەکان

سووکایەتیتان به ئەستێرەکان

دوای خۆتان دەکەوێتەوە

بەرەو زەوی.

*

پەی من،

تۆ

جه سەفەره پەڕ هاتوهاوارەکاو ڕۆیم

تەنیا وێرەگانێوەت نیشانه دان

من جه ئارامی شەوێ

چەمەڕاو مەعناکێشەنا.

*

ئەم ژیانە

پەڕینەوەیە لە دەریا

کە لەوێدا

لە گەمییەکی تەنگەلانا

پێکدەگەین

لە مەرگدا

دەگەینە ڕۆخ..

و

دەچینە جیهانە جیاوازەکانی خۆمانەوە.

*

ڕووباری هەقیقەت

بە بەستێنی هەڵەکاندا دەڕوات.

*

دڵم

ئەمڕۆ

لە دەریای زەمەندا

ساتێکی شیرین بیری نیشتیمان دەکاتەوە.

*

ئاوازی باڵندە

دەنگدانەوەی تیشکی بەربەیانە

کە لە خاکەوە گەڕاوەتەوە.

*

تیشکی بەربەیان لە شەقایق دەپرسێت:

"فیز بە ماچکردنی منەوە دەکەیت؟".

*

گوڵی بچووک پرسیی:

"ئەی هەتاو

چۆن گۆرانیت بۆ بڵێم و نوێژت بکەم؟"

هەتاو گوتی:

" بە خامۆشیی ساکاری پاکییت".

*

مرۆڤ

بەدترە لە ئاژەڵ

کاتێ کە ئاژەڵە.

*

هەورە تاریکەکان

دەبنە گوڵی ئاسمان

کاتێ ڕووناکایی

ماچیان بکات.

*

با دەمی شمشێر

کولیی دەستەکەی سەرکۆنە نەکات.

*

خامۆشیی شەو

وەکوو چرایەکی پڕ تیشك

بە ڕووناکیی کاکێشانیەوە دەسووتێ.

*

ئاوازی بێسنووری ژیان

بە دەوروبەری دوورگەی رووناکی ژیاندا

بە شەو و ڕۆژ

دەخولێتەوە.

*

ئەم کێوانە

بە گوڵپەڕی تەپۆڵکەکانیانەوە

لەو گوڵە ناچن کە هەتاو دەنۆشن؟.

*

واقیعی

بە مەعناکێشۆ

هەڵە وانیۆوە
داکۆکیێ بێ یاگەیچا
نا واقیعی.
*
ئەی دڵی من
جوانیت
لە بزاوتی جیهانەوە ببینە
وەکوو بەلەمێك
کە یارمەتیی با و ئاوی لە پشتە.
*
چاوەکان
نەك بە بیناییان
بە عەینەك دەنازن.
*
من
لەم جیهانە بچووکەمدا
دەژیم..
و
لەوە دەترسێم
بچووکتری بکەمەوە.

بمگەڕێنەوە جیهانی خۆم.. و
بهێڵە با بە شادمانی
ئازادیی ئەوەم هەبێت
تەواوییەتی خۆم ون بکەم.
*

درۆ
هەرگیز نابێتە هەقیقەت
بە گەیشتنە دەسەڵاتیشەوە.
*

دڵم
بە شەپۆلی پڕ پێچی ئاوازەکەی
ئاوات دەخوازێت
بتوانێ ئەم جیهانە سەوزە رووناکە
نەوازیش بکات.
*

ئەی گیای لێواری ڕێ
ئەستێرەکانت خۆش بوێن
با خەونەکانت
لە گوڵەکانا بپشکوێن.
*

با مۆسیقاکەت
وەکوو شمشێرێك
هاتوهاواری بازاڕ
تا ناخی دڵی
لەت بکات.
*
گەڵا لەرزۆکەکانی ئەم درەختە
وەکوو پەنجەکانی دەستی کۆرپەیەکی شیرەخۆرە
دڵم دەلاوێننەوە.
*
کەسەری رۆحی من
تارای بووکی ئەوە
چاوەڕوانە
شەو لەسەری لایبدەن.
*
گوڵی بچووك دەکەوتە سەر خاك..
و
رێگا
پەپوولەی دەویست.
*

من لە جیهانی ڕێگەکاندام

شەو دادێت

دەرکە بکەوە

ئەی جیهانیماڵەوە.

*

گۆرانیەکانی ڕۆژتم گوتنەوە

شەویش

بهێڵە با لە ڕێگە تۆفانییەکەدا

چراکەت هەڵگرم.

*

مەرگ

هەروەکوو لە دایکبوون

هیی ژیانە

ڕۆیشتن

هەڵگرتنی هەنگاوە

وەکچۆن دانانەوەشی.

*

لە ناو گوڵ

و

لە هەتاویشدا

واتای ساکاری وتوویرەکانت فێر بوومە

فێرم کە تا وتەکانت

لە رەنج

و

لە مەرگیشدا هەر تێبگەم.

*

بەربەیان

گوڵی شەوی ماچ کرد

درەنگانێك

گوڵ لەرزی..

و

ئاخێکی هەڵکێشا..

و

کەوتە سەر خاك.

*

لە هەموو کەسەری هەموو شتێکدا

لۆرەی دایکی جاویدان

دەبیستم.

*

وەکوو غەریبان هاتمە کەنارتەوە

وەکوو میوان لەماڵەکەتدا مامەوە

وەکوو دۆستێك ماڵەکەت بەجێ دێڵم

ئەی زەمین.

*

کاتێ مردم

با ئەندێشەکانم بەرەو لات بێن

وەکوو تیشکی هەتاوی پاش ئێوارە

لە کەناری خامۆشی ئەستێرەیەکدا.

*

ئەستێرەی شەوانەی ئارامش

لە دڵمدا رۆشن بکە

بهێڵە با شەو

لۆرەی عەشقم بۆ بکات.

*

کۆرپەیەکم

لەناو تاریکیدا

دایکە

بۆ دیتنەوەت

دەست بە هەموو رووپۆشی شەودا

دەکێشم.

*

ڕۆژی کار کۆتایی هات

دایکە

ڕوخسارم

لە باوەشتا

بشارەوە

با ڕۆ بچمە ناو خەونی خۆشەوە.

*

چرای ژوان لە مێژە ڕووناکە

لە ئانوساتی جیاییدا

دەکوژێتەوە.

*

ئەی دنیا

کاتێ مردم

ئەم قسەیەم بۆ هەڵگرە

لە بێدەنگیتدا:

"من عاشق بووم".

*

ئەو کاتە لەم جیهانەدا دەژین

کە خۆشمان بوێت.

*

بهێڵە با

مردووەکان

ناوبانگی نەمرییان هەبێت..

و

زیندووەکانیش جاویدانیی عەشق.

*

تۆم بینیوە

وەکوو کۆرپەیەکی نیوە بێدار

کە دایکی

لە تاریکولێڵی بەربەیانا دەبینێت..

و

بزەیەکی دێتێ

و

دووبارە دەنوێتەوە.

*

دەمرم

دەیانجار

تا تێبگەم ژیان جاویدانە.

*

ئەو کاتەی لە گەڵ جەماوەردا دەڕۆییم

بزەی تۆم بە مانگەوە بینی

گۆرانیم چڕی.. و

هەموو هاتوهاوارەکەم لە بیر بردەوە.

*

عەشق

وەکوو پێکێکی پڕ لە مەی

لێورێژی ژیانە.

*

ئەوان چراکانیان هەڵدەکەن

و

لە پەرستگەدا دوعاکانیان دەکەن

بەڵام باڵندەکان

لە بەر تریفەی بەربەیانتدا

ناوت دێنن

کە ناوت...

شادمانییە.

*

نوقمی ناو بێدەنگییەکەتم بکە
تا دڵم لێوڕێژ کەم لە گۆرانی.
*

لەوان گەڕێ
با لەو جیهانە پڕدەنگەی
یاریی ئاگریندا
کە خۆیان هەڵیان بژاردووە
بژین
خواوەندا
دڵم موشتاقی ئەستێرەکانی تۆیە.
*

دەردی عەشق
وەکوو دەریایەکی قووڵ
لە چوار دەوری ژیانمدا گۆرانی دەڵێت
و
شادیی عەشقیش
وەکوو باڵندەکان
لە باخچە پڕ گوڵەکانیدا
ئاواز دەچڕێت.
*

هەرکاتێ ویستت..

بیکوژێنەوە چراکەت

تاریکاییەکەت دەناسم..

و

خۆشمدەوێت.

*

کاتێ

پاش ئاوابوونی رۆژ لە بەرانبەرتدا بوەستم

زامەکانم دەبینیت..و

تێدەگەی

هەم زامدار بووم

و

هەم چاکەوەش بووم.

*

رۆژێك

کاتی هەڵاتنی هەتاوی ئەو دنیاکەیتر

ئەم گۆرانییەت بۆ دەچرم:

"پێش ئەمە

تۆم لە رووناکایی زەمین

لە عەشقی مرۆڤدا

بینیوە.

*

هەورە گەڕۆکەکان

لە ڕۆژەکانیترەوە

دێنە ناو ژیانمەوە

نەك بۆ بارین و هەستانی تۆفان

نا..

دێن تا ڕەنگ ببەخشنە ئاسمانی ئێوارانم.

*

هەقیقەت

دژی خۆی دەیورووژێنێ

ئەو لافاوەی

تۆوەکانی بە هەموو شوێنێکا

دەپژێنێ.

*

تۆفانی شەوی پێشوو

ئەم بەیانییە

تاجێکی لە ئارامشی زێڕین

لەسەر ناوە.

*

هەقیقەت

دەڵێی لەگەڵ دوایین پەیڤی خۆیدا دێت..

و

ئەو دوایین پەیڤەش

پەیڤێکیتر دەخولقێنێ.

*

پیرۆزە

ئەو کەسەی

ناوبانگەکەی،

هەقیقەتەکەی

لە خۆیدا قەتیس ناکات.

*

هەرکاتێ ناوی خۆم لە یاد بەرمەوە

بەخششی ناوی تۆ

وەکوو هەتاوی بەربەیانانت

ئەو کاتەی تەم رەویوەتەوە

دڵم لێوڕێژ دەکات.

*

شەوی خامۆش

جوانیی دایك..

و

ڕۆژی پڕ دەنگ

جوانیی کۆرپەی پێیە.

*

جیهان

ئەوکاتە مرۆڤی خۆشدەویست

کە بزەی لە سەر لێو بوو

کاتێ پێکەنی،

جیهان لێی ترسا.

*

خواوەند

چاوەڕوانی مرۆڤە

کە منداڵێتیی خۆی

لە (فەرزانەیی)دا بدۆزێتەوە.

*

بازە

با هەرچەنی عەشقو تۆ شکڵ گێرۆ

ئی جیهانیە هەست پەنە کەروو

ئا وەختیچە عەشقو من یاردیش مدۆ.

*

هەتاوی تۆ بە ڕووی رۆژە زستانییەکانی دڵی منەوە

پێدەکەنێت

هەرگیز گومان لە گوڵە بەهارییەکانی ناکرێ.

*

خواوەند

کۆتاییەکان بە عەشقەوە ماچ دەکات..

و

مرۆڤیش

ناکۆتاییەکان.

*

تۆ

لە بیابانی ساڵە بێ سەمەرەکان تێدەپەڕی

تا بگەیتە ساتەوەختی (کەماڵ).

*

بێدەنگیی خواوەند

ئەندێشەکانی مرۆڤ

لە وشەدا دەپشکوێنێ.

*

ئەی رێبواری جاویدان

شوێنپێی هەنگاوەکانت

لە گۆرانييەكانمدا دەدۆزييەوە.

*

ناشادە رۆژ

رووناكايى

لە ژێر هەورە تاڵەكانا

لە منداڵێكى شەقخواردوو دەچێ

بە ئاسەوارى فرمێسك

بە روومەتە لاوازەكەيەوە

هاوارى (با)يش

لە هاوارى جيهانێكى زاماركراو دەچێ

بەڵام منيش دەزانم

كە بە رێوەم بۆ ديدارى دۆست.

*

ئەى مانگەو چواردەى

ئێشەو

دڵێ گەڵا خورماوەكانە

جەژنەنە..

و

دەرياچەنە

ورستەى شەپۆلەكا

پێسە ترپەو دڵو دنیێ

ئەی تۆ

جە کام ئاسمانی نەژناسیاوە

ڕازێ دەرداوییەو عەشقی

بەرینە دڵێ بێدەنگییەکەیت؟.

*

خەون بە ئەستێرەیەکەوە دەبینم

دوورگەیەك لە رووناکی

کە تیایدا لە دایکدەبم..

و

لە ناخی ئاسوودەییە بەپەلەکەیدا

ژیانم کارەکانی دەگەیەنێتە ئەنجام

هەر وەکوو گوڵە مەرەزەیەك

لە بەر هەتاوی پایزیدا.

*

بۆنی خاکی تەڕی باران لێداو

هەڵدەستێ

وەکوو سرووتی ستایشێك

لە گرووپی بێ ئاوازی ناچیزەکاندا.

*

ئەو عەشقەی هەمیشە دەتوانێ لەناو بچێت

ڕاستییەکە

کە ئێمە وەکوو هەقیقەتێك

ناتوانین وەری بگرین.

*

ڕۆژێك پەی بەوە دەبەم

کە مەرگ

هیچکات ناتوانێ

ئەوەمان لێبگرێتەوە

کە گیانمان بەدەستی هێناوە

چونکە دەسکەوتەکانی لەگەڵ خۆیدا هەر یەکن.

*

خواوەند

لە تاریکایی شەوانەمدا

بە باقە گوڵێکی ڕابردوومەوە

دێتە لام

کە لەناو گوڵدانەکەی ئەودا تازە ماونەتەوە.

*

ئەی مامۆستام

کاتێ (ژێ)یەکانی ژیانم کۆك بن

ئەو کات بە هەر ژەنینێکی تۆ

مۆسیقای عەشق هەڵدەکەم.

*

سەروەرم

بهێڵە با بە هەقیقەت بژیم

تا مەرگ

بۆم ببێتە هەقیقەتێك.

*

مێژووی مرۆڤ

بە سەبرەوە

چاوەڕێی سەرکەوتنی مرۆڤێکە

کە سستی لێیداوە.

*

من

لەم ساتەدا کە تۆ

چاوت لە دڵم بڕیوە

وەکوو بێدەنگیی هەتاویی بەربەیان

بۆ بێستانێکی تەنیا

کە خەرمانیان لێ هەڵگرتووە.

*

من لەم دەریای هاوارانەدا

ئارەزووی دوورگەی گۆرانیم لە دڵایە

"دوورگەی گۆرانیەکان"

بە ئاوات دەخوازم.

*

سەربەندی شەو

لە مۆسیقای ئێوارەدا دەسپێدەکات

لە سروودە پیرۆزەکەیەوە

بەرەو تاریکایی ناپێوار

*

لووتکەکا گرد گێڵانا..

و

پەنایەم نەدیێنۆ

جە بەرزایی بێ سەرپەنای و بە سەمەرو ئاوازەی

ئەی رانومام

وەڵێ ئانەی رۆشنایی رەنگەش پڕۆ

تا دڵێ دەرەو ئارامشی

رانموونیم کەرە.

*

شتەکان
لەم تاریکولێڵەی ئێوارەدا
وەکوو خەیاڵ دێنە بەرچاو:
منارەگەلێك،
بناغەیان لە تاریکیدا ون بووە..
و
پۆپەی دارەکان
وەکوو لەکەی مرەکەب
من چاوەڕوانی بەیانیم
تا لە خەو ڕابم
و
شارەکەی تۆ
لە ڕۆشناییدا ببینم.
*
زەجرم کێشاوە
نائومێد بووم.. و
مەرگم ناسیوە
شادم بەوەی
لەم جیهانە بێ سنوورەدام.
*

ڕێگاگەلێکی

خاڵی و خامۆش

لە ژیانی مندا هەن

هەمان کەشی سەربەتاڵن

کە ڕۆژە قەرەباڵغەکانی من

ڕووناکایی و هەوای خۆیان

لەوان گرتووە.

*

ڕزگارم کە

لە ڕابردووی تەواو نەکراوم

کە لە سبەینێوە پشتی پێوە داوم

و

مردنم بۆ ئاستەم دەکات.

*

من ئەمەوێت

کۆتا پەیڤم ئەمە بێت کە:

"بڕوام بە عەشقی تۆ هەیە".

***

کـــــــۆتایی

سەرچاوە:..

١ــ ژیاننامەکەی تاگۆر: ویکیپیدیا/فارسی

٢ــ نامەکەی تاگۆر بۆ هاوسەری: سایتی (www.yasbooks.com)

٣ــ پەیڤـەکانی تـاگۆر: سـایتی باشـگای ئەندێشـە و تـاکبوك و کتابناك

٤ــ شیعرەکان: کتێبی ماه نو و مرغان أوارە/ رابیندرانات تاگور/ مترجم: ع. پاشایی/ تهران، انتشارات (روایت).